www.kurdistannet.org 16-1-2003

# وڵاتی شیعی



فەرهاد پیربال

### بەدەن

لێوم دەبەم، کرمێ دەبێ.
زمانم دەبەم، پڕ لیق و کێم، بۆگەن بۆگەن زەرد هەڵدەگەڕێ.
دەستم درێژ دەکەم، دەبێتە قەوزە.
هەنگاو دەنێم، بەرەو چاڵ دەمبا.
نیگام هەڵدەدەم، ناگەڕێتەوە.
گوێ هەڵدەخەم، دەپلیشێتەوە.
دەمەوێ بۆن بکەم، دەڕشێمەوە.
دەچمە ناو ئاو، ئاودز دەبم.
دەچمە بەر هەتاو، تک تک چک دەکەم.

ئاه!
هەموو مەرگەساتی ژیانی من لەمەوە دێ کە ناتوانم
لەناو کاولبووەکەی بەدەنی خۆمدا بمێنمەوە؛
کەواتە
ئەگەر بگەڕێمەوە ناو کاولبووەکەی بەدەنی خۆم، لە هەمووی باشترە.

### ماڵ

دەرگا دەکەمەوە، پەنجەرەیەک پەپوولە پەمەییەکانی پێرێمی بە پەتێکەوە هەڵواسیوە بمرن.
پەنجەرە دەکەمەوە، دەرگایەک شەیتانێکی بەقەد فریشتەیەک پڕ نەشئەی لێ دێتە دەرەوە: بانگهێشتی ئاسوودەبوونێکی شەڕانگێزانەم دەکا.
دەچمە سەربان، لە دوورەوە حەپە حەپی سەگ گورگە بچکۆلە برسییەکانی ناو ناخم وەخەبەردێنن.
باغم ئاو دەدەم، هەستی دوورەوڵاتی و غەریبیم تێیدا سەوز دەبێ.
دەچمە ناو مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی گەڕەکەکەم، بانگم دەکا جلوبەرگی سەربازی بپۆشم و بچمە شەڕێکی بێ ئامانەوە.
لە تەنیشت شینایی چاوە ئەویندارەکانی ناو باڕێک دادەنیشم، دەزانم: هەر مانگێکە و کاڵ دەبنەوە.
ئەستێرەییانە سەما دەکەم، دەزانم لەژێر پێمدا غەمی تەنیایی شاعیرێک لە (مۆنت غۆی) دەپلیشێتەوە.
دەچمە بەر هەیوانە زێڕەوشانەکەی سەنتەری ڕۆشنبیریی جۆرج پۆمپیدۆ و پاڵ دەکەوم، پیاوێک دەبینم لە دوورەوە، لە قاتی هەشتەمی ئاپارتمانێکەوە خۆی تووڕ هەڵدەداتە خوارەوە.
سواری شەمەندەفەر دەبم، بەرەو ئەوپەڕی تراژیدیای لێک جودابوونەوە دەمبا.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ئاھ!
www.kurdistannet.org 16-1-2003
هەموو مەرگەساتی ژیانی من لەمەوە دێ کە ناتوانم
لەناو ژووره کاولبووەکەی خۆمدا بمێنمەوە؛
کەواتە
ئەگەر بگەڕێمەوە ماڵە کاولبووەکەی خۆم، لە هەمووی باشترە.

## پاریس

دەچمە تووڵووز، دەمگەڕێنێتەوە.
دەچمە ئەمستردام، دەمباتە ناو دۆزەخی حەشیشە و ئەلکهوولی گیانڕەتێنەوە.
سەری خۆم بەرەو لەندەن هەڵدەگرم، عەشقێکی تازەی ڕێبوارانە لێمی دەستێنێ.
سەرم دەدەمە دەستە نیانەکانی برووکسل، نامداتەوە.
لە قەراغ ئەتڵەنتیک بە رووتی ڕادەکشێم، تا حەوت ساڵی تر بێدارم ناکاتەوە.
دەچمە مۆزەخانەکەی فلۆرەنسا، هەموو گیرفانەکانم پێ بەتاڵ دەکا.
لە باوەشی سروشت لە بانیژەی گوندە کێویلەکاندا ڕادەکشێم، تەنیایی سەدەی نۆزدەهەم توند توند دڵم دەکرۆژێ.

ئاھ!
هەموو مەرگەساتی ژیانی من لەمەوە دێ کە ناتوانم
لەناو کاولبووەکەی خۆمدا بمێنمەوە؛
کەواتە:
بگەڕێمەوە کاولبووەکەی خۆم لە هەمووی باشترە.

## فەرەنسا

دەچم دەستەکانم لەناو لەپی خەستەخانەیەک دەچێنم، دەبینم سبەینێ بوونەتە چەند پۆلیسێک لەناو فرۆکەخانەیەکدا.
دەچم داخوازیی ژووانێک لە کۆترێکی بەردەم نۆتردام دەکەم، دەبینم سبەینێ بۆتە مانشێتێکی دڵتەزێنی ناو ڕۆژنامەکان.
دەچم دەستی دۆشەگێکی سەرمابردەڵەی نیوەشەوان لاکەوتە دەگرم و دەیبەمەوە ماڵە گەرمەکەم، دەبینم سبەینێ لە ماڵەکەی خۆم دەرم دەکا.
دەچم ئاوێنەیەک لەبەردەم کەڵەشێرێک دادەنێم تا پەروپۆڕی خۆی لەبەر دابهێنێ و خۆی پێ برازێنێتەوە، دەبینم سبەینێ خۆم لەناو ئاوێنەکەدا ڕووت بوومەتەوە و تووک چییە پێمەوە نەماوە.
شیعر دەنووسم، کەس لە زمانم حاڵی نابێ.
نیگار دەکێشم، لەسەر جادەکاندا وەک قەحپە قەڵەندەرەکان خۆیان دەفرۆشن.
مۆسیقا ساز دەکەم، لەناو میترۆ مۆنەکاندا سواڵ دەکەن.
ئاو دەخۆمەوە، تینووم دەبێ.
نان دەخۆم، برسیم دەبێ.
تەماشا دەکەم، کوێر دەبم.
گوێ هەڵدەخەم، کەڕ دەبم.
بۆن دەکەم، دەڕشێمەوە.

ئاھ!
هەموو مەرگەساتی ژیانی من لەمەوە هات کە وڵاتە جوانەکەی خۆمم بەجێ هێشت؛
کەواتە
ئەگەر بگەڕێمەوە وڵاتە جوانە تەنیا و غەریبەکەی خۆم، لە هەمووی باشترە.

٢٤ ئەڤریلی ٢٠٠٢